# یەشار کەمال و گوینتەر گراس

## دیمانەی دوو لووتکەی ئەدەبی هاوچەرخ لە بەرلین



**لە ئەڵمانییەوە: بەکر شوانی**

رۆژی ٩ گـولانی رابردوو رۆژێکی تایبــەت بوو بـۆ شـاری بـەرلین، چونکە لەو رۆژەدا دوو لووتکەی ئەدەبی جیـهـان، "یەشـار کـەمـالی کـوردی تورکیـایی و گوینتـەر گـراسـی ئەڵمـان" بەیەک گەیشتن. ئەوە پێشـهاتێک بوو زۆر بە دەگمەن لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا دووبارە دەبێـتـەوە. لە چەند دەیەی رابردوودا کەم نووسـەر هەبوون وەک گوینتـەر گراس و یـەشـار کەمـال بە شێوەیەکی بەرچاو ئەدەبیان دەوڵەمـەند کردبێت. خوێنەرانـی ئەم دوو نووسـەرە لە سەرانسـەری جیهان ئاشـنای جیهان و کەش و بارودۆخگەلێکی لە رابردوودا تەواو نەزانراو دەبن. ئەوەی بە قـولاییی کتێبـەکـانی ئەم دوو نووسـەرە گەورەیەدا شـۆڕ دەبێـتـەوە، روو لە

گەشتێک دەکات هەموو سنووره هەرێمییەکان دەسڕێتەوە و بەربەستە نەبینراوەکانی نێوان تویژ و چینی کۆمەڵگەکان هەڵدەوەشێنێت.

سەرەکیترین رۆمانی گوینتەر گراس بەناوی "تەپڵی تەنەکە" وێنەی رابردووی ئەڵمانیا دەخاتە روو، دەوڵەمەندیی زمان و ناسنامەی زمانی ونبووی کاشوبی لە خۆ دەگرێت و بەشێوەیەکی ئەدەبی نەمریی پێ دەبەخشێت. رۆمانی "حەمەدۆک"ی یەشار کەمالیش دەکەوێتە هەمان خانەوە. جوانییەکی رۆمانسی و شیعر ئامێز بەسەر ئەم رۆمانەدا زاڵە و هەمان کات لێوانلێوە لە رەخنەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی.



یەشار کەمال

یەشار کەمال ئەم رۆمانەی بەداوی ورد و بەرجەستەی زمان هۆنیوەتەوە، دەربڕینەکانی هێندە جوان و راستگۆیانەن، بە جۆرێک بۆنی بای هەڵکردووی سەر کێڵگەکانی جاترەی چوکورئۆڤای ئەنادۆڵ دەگاتە بەر کەپووی خوێنەر. یەشار کەمال "حەمەدۆک"ی لەساڵی ١٩٥٥دا نووسیوە و "حەمەدۆک"ی قارەمانی رۆمانەکەش لە مێژە بووە بە داستان. ئەمڕۆ نزیکەی دە هەزار گلۆ لە تورکیا هەن کە خەڵکی بانگەشەی ئەوە دەکەن هەریەکەیان گۆڕی ئەو یاخیبووە خەیاڵکردە بێت. کەسانێکی زۆر لە تورکیا هەن هێشتا پێیان وایە "حەمەدۆک" لە پاڵەوانی رۆمانێکی خەیاڵکرد زیاترە.

تەنیا توانای رۆماننووسی و گێڕانەوە و هێزی دەربڕین ئەم دوو نووسەرە ئەڵمانی و تورکیاییە کۆ ناکاتەوە، بگرە لە سۆنگەی رەچەڵەکی خۆیانەوە پسپۆڕی پێکهاتەی جۆراوجۆری رەگەزی و پێکەوە ژیانی نەتەوەی جیاواز و رق لێبوونەوەی هەمیشەیی نێوان کەمینە نەتەوەکانن. ئەم دوو نووسەرەی کوردی تورکیایی و ئەڵمانی ئەزموونی جۆراوجۆری خۆیان گواستەوە بۆ مەیدانی ئەدەب. هەروەها کاریگەرییان هەبووە بەسەر روانگەی رۆشنبیریی هاوچەرخەوە لە "نیوە" نشتیمانەکانی خۆیاندا. لەبەرئەوەی زۆر شت هەیە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، پێویست ناکات سەرمان لە هاوڕێیەتیی یەشار کەمال و گوینتەر گراس سوڕ بمێنێت. لە میانەی پێکگەیشتنیاندا لە بەرلین، گوینتەر گراس راشکاوانە گوتی "ئێمە وەک ئەدیب خۆمان دەهاوێژینە زۆنگاوی سیاسەتەوە." ساڵی ١٩٩٧یش، کاتێک کۆبەندی وەشانخانەکانی

ئەڵمانیا خەڵاتی ساڵانەی خۆی بە یەشار کەمال ڕەوا بینی، گراس وتەیەکی سوپاس بێژیی پێشکێش کرد.

نووسەری کوردی تورکیایی یەشار کەمال لە رابردوودا چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی بێ سزا پێ نەدەبرایە سەر. چەندین جار لە پای بیروبۆچوونەکانی خراوەتە گرتگە، دواجار لە ساڵی ١٩٩٥دا دادگەیەکی تورکی بڕیاری دا یەشار کەمال بۆی نییە ماوەی پێنج ساڵ لەسەر پرسی کورد بنووسێت. دوو ساڵ دوای ئەوە یەشار کەمال گوتی "هەرگیز لەم دەوڵەتە خۆش نابم." کاتێک ئەم قسەیەی کرد هەواڵی پێ گەیشت کە دادگەیەکی تورکی سەرلەنوێ نووسەری نابینا ئەسبەر یاغموردەرەلیی لە گۆشەی گرتگە قایم کردووە. لەو ساڵە بەدواوە لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانکاریی گەورە و ریشەیی بەسەر تورکیادا هات.



گوینتەر گراس

لەگەڵ ئەوەشدا نەک تەنیا جەماوەری تورکیا، بگرە زۆربەی چاودێرانیش سەریان سوڕما لەوەی کە یەشار کەمال لە کۆتاییی ساڵی رابردوودا خەڵاتی کولتووریی تازە داهێنراوی سەرۆکی دەوڵەتی وەرگرت و پێیان سەیر بوو چۆن یەشار کەمال ئەو خەڵاتەی سەرکۆمار عەبدوڵا گوڵی رەت نەکردەوە! نووسەر ماوەیەک دواتر رای گەیاند لە پێشدا نیازی وا بووە خەڵاتەکە رەت بکاتەوە، بەڵام راوێژکارانی عەبدوڵا گوڵ قایلیان کردووە بەوەرگرتنی ئەو خەڵاتە دەروازەی ئومێد بکاتەوە. بۆیە یەشار کەمال گوتی "پێویستە ئەم خەڵاتە ئاماژەیەک بێت بۆ کرانەوەی رێگە بەرەو ئاشتیی کۆمەڵایەتی."

لە بەرلین قسە نەبرایەوە سەر بەخشینی خەڵاتی کولتووریی تورکی بە یەشار کەمال. وەک ئەوەی کارێکی بڤە و تابوو بێت نە عوسمان ئۆکانی کۆڕگێڕ و نە گوینتەر گراسی هاوڕێی یەشار کەمال خۆیان لە قەرەی ئەو بابەتە نەدا. لەبری ئەوە، ئامادەبووان چۆنیەتیی ئاشتیی کۆمەڵایەتییان لە هەردوو وڵات تاوتوێ کرد.

هەردوو نووسەر دووپاتیان کردەوە لە تورکیا و ئەڵمانیا کات هاتووە بۆ دوورکەوتنەوە لە "پێشبینییە تاکرەوەکان لە کۆمەڵگەدا." هەردووکیان روونیان کردەوە لە هیچ سەردەمێکدا لەو دوو وڵاتە گونجانی زمانەوانی و کولتووری نەبووە. کەمال و گراس هاوبیر بوون لەسەر پێویستیی نکۆڵی نەکردن لەو هەمەرەنگییە، بگرە خوازیار بوون وەک سەرچاوەی دەوڵەمەندی چاوی لێ بکرێت. گوینتەر گراس ئاماژەی کرد بۆ دەوڵەمەندبوونی ئەدەبی ئەڵمانی لەسەر دەستی کۆچبەران و نەوەکانیان و گوتی "بەڵام ئەدەب و کۆمەڵگە بەهۆی گۆشەگیرکردن و پەراوێزخستنەوە بەشی زۆری ئەو توانایانە لە دەست دەدەن."

یەشار کەمال روونی کردەوە کە ددان نانی تورکیا بە کەمینە نەتەوەکانیدا مانەوەی تورکیا مسۆگەر دەکات. کەمال گوتی "ئەمە تورک و کوردیش دەگرێتەوە. من وەک نووسەرێک دەتوانم بەباشی قەوارەی ئەو زیانە بقەبڵێنم کە بەهۆی قەدەغەی چەندین ساڵەوە لە تورکیا بە زمانی کوردی گەیشتووە. هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە کە لە تورکیا کاری گرینگی بەکوردی نووسراو بەدی ناکرێت. من بۆ خۆم لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی کارەکانمدا ناچار بووم پەنا بۆ زمانی دەوڵەمەندی تورکمانی ببەم."

کرۆکی قسەی ئەو دوو رۆماننووسە ئەوە بوو کە کۆمەڵگە و ئەدەب بە شێوەیەکی پتەو پێکەوە بەستراون. گراس گوتی "ئەدەب هەمیشە لەسەر رەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسەت کاری کردووە."

هەردوو گەورە ئەدیبی سەردەم لە کاتی دیداریاندا لە بەرلین روحی ژیاری و ئارەزووی لاوانیان بۆ تێکۆشان ژیاندەوە. لە هۆڵی جەنجاڵ و لە کاتی واژۆکردنی کتێبەکانیشیاندا بەرێزەوە لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازییان لێ کرا. گوینتەر گراسی تەمەن هەشتا و یەک ساڵ بەر لە هەموو شتێک رەخنەی لە حکوومەتی فیدراڵیی ئەڵمانیا گرت و سەرکۆنەی رەفتاری تورکیای کرد لەمەر پرسی بە کۆمەڵ کوشتنی ئەرمەنییەکان کە نووسەری هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات وەک "جینۆساید" وەسپی کرد.

یەشار کەمالیش جارێکی تر دووپاتی کردەوە کە "گرتگە قوتابخانەی نووسەرانی تورکە." ئەم نووسەرە تەمەن هەشتا و پێنج ساڵە گوتی "هەمیشە درک دەبین لە چاوی بەهێزاندا." ئاماژەی کرد بۆ دەربرینێکی پێشەنگی خۆی جەواد شاکیری نووسەری "Nاوچیی هالیکارناسۆس" و گوتی "ئەوانەی گۆرانیی گەلان دەنووسنەوە، لە یاسا دارێژەران زۆر بەهێزترن."

www.qantara.de